# ئێکسسوارەکانی سەر شان بۆ خانمانی بووک



شێوازی جۆراوجۆر هەن لە جوانی دانانی ئێکسسوارەکاندا بۆ سەر جەستە و جلوبەرگ، لە کاتێکدا هەر ئێکسســـوارێك لە بایەخ پێدانی خۆی کارامەیی و کاری خۆی دەنوێنێ، لەلایەکی دیکەشـــەوە بەشـــێکی زۆری جەستە دادەپۆشێت و ســـەرنجی بەرەو لایەنێکی دیکە دەبات، لەگەڵ ڕازاندنەوەی خانمانی بووک، چەندین کەرەستەی سەرەکی و لاوەکی بۆ بووک ئامادەدەکرێ، بەڵام گرنگترینیان ئەو شێوازەیە لە شوێنە دیارەکان دادەنرێن، وەك سەر و سەر شان و دەست و مل، هەر یەکە لەم ئێکسسوارانە جێگەی بایەخی خۆی هەیە و شـــێوازێك لە جوانی و ناسکی خۆی دەنوێنێ، یەکێك لە گرنگترین و ســـەرەکیترین و تازەترین ئێکسسوارەکانی تەرخانکراو بۆ خانمانی بووك، ئەویش ئێکسسواری سەر شانەکانە، یان زیاتر ئەوەی لەسەر مل و شان دادەنرێ، ئەو جۆرە ئێکسسوارە، جگە لە شێوازێکی دیار و ســـتایلێکی تازە و مۆدێرن، هەروەها ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر جوانیی بووك دەردەخات، هەروەها دەکرێ بە چەندین ئێکسسواری جۆراوجۆر سوود لەو ستایلە تازەگەرییە ببینرێت.

## گوارەی ناسک لـــــــــ



ئەگەر چی زۆری ئێکسسوارەکان وا لە خانمان دەکەن لە وەی چ جۆرە ئێکسسوارێك لەگەڵ وەرزی تازە و پاییزدا گونجاو دەبێ، ئەمەش تووشـــی دوودڵییان دەکات لـــە چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئێکسسواری گونجاو و شیاو لەگەڵ هەر جلوبەرگێك، تەنانەت شێوازەکانی دیکەی جوانکاری لە ڕەنگدانەوەی ئێکسسوارەکانەوە دەبینرێتەوە، یەکێك لەو ئێکســـــوارە خنجیلانـــە و پڕ جوانەی جلوبەرگی خانمان، بریتییە لە گوارە، جگە لەوەی شـــێوەیەکی

## سەندڵی بچووک بۆ تازەپێگەیشتووان


وەك چـــۆن خانمـــان گرنگییەکی تەواو بـــە مۆدەکانی جوانکاری و تایبەتمەندی لە شێوازە جیاجیاکانی مۆدەکان دەدەن، بە هەمان شێوە هەوڵ و هەنگاو بۆ تازە پێگەیشتووان لـــە ئارادایـــە تاوەکو نشـــونمایەکی جوانی لـــە ڕەنگ و ڕەواڵەتیانـــدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش یەکێك لە مۆدە ڕازاوە و بەهێـــزەکان کاتێك ئێکســـــوارێك بە جۆرێکی شـــیاو و تایبەتمەند دەپۆشرێ، یەکێك لەوانە سەندڵە کە بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو، یان بۆ منداڵانیش دەگونجێ کە سوود لەو جۆرە ئێکســـــوارە ببینن لە شێوازێکی سەندڵی بەبێ پاژنە یان ئەوەی بە فلات ناسراوە، بوونی ئێکسسوارێکی بچووك لەسەر ئەو سەندڵانە هێمایەکی ڕازاوە وجوان بەدی دەکرێ، لەگەڵ هەر ڕەنگێك جۆرە سەرنجڕاکێشـــی و ڕازاوەیی لە مۆدەکاندا دەردەکەوێت، بەمەش ئەو جۆرە سەندڵە دەکرێ بۆ شوێنە گشتی و کار و تەنانەت قوتابخانەش بەکاربهێنرێ.



## ـه وەرزی پاییزدا



رازاوە و جوان دەبەخشی، هەروەها نمایشێکی خنجیلانەی سەر گوێیەکانیشە، بۆ وەرزی پاییزی ئەمساڵ زیاتر گوارەی درێژ بە بەربڵاوی باویان هەیە، گوارە کاتێك درێژ دەبێ نەشونمایەکی کراوە و رازاوەی دەبێ و بە تایبەت کاتێك لە گوێیەکانەوە شۆڕدەبنەوە، لەلایەکی دیکشەوە بەپێی رەنگ و مۆدەی شێوە و ستایلی رەنگاورەنگ لە ناو گوارەکانی گوێی خانمان رەنگدەداتەوە.



## ماکیاژی رەنگی پەمەیی بۆ چاو

لەگەڵ زۆری و شێوازە جۆراوجۆرەکانی رەنگ و ستایل و نەخش و بۆیە دانان بۆ هەر ماکیاژێك، بەمەش بیرۆکەی تازە و تایبەتمەندی لە تەرخانکردنی جۆرە ستایلێك یان رەنگێك بۆ بەشێکی جەستە، ئەگەر وەك نموونەیەك وەریبگرین ماکیاژی چاوە، بەهۆی ئەوەی چاو لە شوێنێکی بەرزی جەستەدا جێگەی گرتووە، بەردەوام چاوی بەرامبەر دەکەوێتە سەر ئەو بەشە و لە سەرەتای بینیندا تەماشا دەکرێ، بەمەش تاوەکو چەند رازاوە و جوان بێ هێشتا کەمە تاوەکو بایەخی خۆی لە جوانییەکی کراوە و رازاوە بدۆزێتەوە. شێواز و هەنگاوەکانی ماکیاژ کردن بە چەند خوولەکێك دەبێ و کۆتایی پێدێ، لە کاتێکدا دەتوانین سوود لە شێوازە ئامادەکراوەکانی ماکیاژکردن وەربگرین بۆ بەدیهێنانی ماکیاژێکی پوختە و لە ماوەیەکی کورت و لە ستایلێکی رازاوەشدا بێت، وەك لەم نموونەیەی دانانی ماکیاژی رەنگی پەمەیی بۆ چاوەکانە، تەنیا (٨) هەنگاوی ویستوە و دەتوانین بە لاسایی کردنەوەی هەنگاوەکان هەمان ئەو شێوازە ماکیاژەمان دەست بکەوێ و بەبێ ئەوەی کەسی دیکەش هاوکار بن لە کاتی ئامادەکاری بۆ ماکیاژەکەدا، هەر وێنەیەك واتە قوناغێك یان کۆمەڵێك لە کاری ماکیاژ و فڵچە بەکارهێنان و قەڵەم کردن دەبێتە هەنگاوێك لە تەواوکاری ئامادەکردنی ماکیاژەکە.

## جانتای دەست پێداویستییەکی ڕۆژانەی خانمان






چەندین جۆر و شێوازی تازەی جانتای دەستی خانمان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان هەیە بۆ هەڵگرتنی کەرەستە و شتەکانیان، بۆیە بیر لە جانتایەکی رازاوە و جوان دەکرێتەوە تاوەکو لەو وەرزەدا بپۆشرێ و بە دەستەکانیش هەڵبگیرێ، هەر شێوازێك لە ستایلەکانی جانتای دەست، لە کاتێکدا شێوازە تازەکانی جانتای دەست بۆ خانمان لە شێوازی ناسك و رازاوەدا رەنگدەداتەوە و جوانییەکی رازاوە و ناسك بە دەست و قۆڵ دەبەخشێ، جانتاکان بۆ وەرزی پاییز چەند شێوازێکی رازاوەو چەند رەنگ و ستایلێکی هەیە، دەتوانرێت رەنگی جانتاکان جیاواز بن لەگەڵ دانانی دیمەنێکی رازاوەی شیاو بۆ هەر جانتایەکی دەست، کاتێك خانمان هەوڵ دەدەن شێوازێکی رازاوە لە جانتای بچووك و جوان بە بەراورد لەگەڵ ماددەکانی جانتای دەست و شێوازە تایبەتەکان هەڵبژێرن.



## جۆنی کەرەستەیەکی کۆنی کوردەواری


جۆنی یەکێکە لە کەرەستە کۆن و کوردەوارییەکان، کە بریتییە لــە بەردێکی گەورە و لە دوو پارچە پێکدێ، کاری ئەو جۆنییە ئەوەیە کە دانەوێڵە و شتی دەخرێتە ناوی بە مەبەستی وردکردن و زیاتر سوود وەرگرتن لە شتی دیکەی دەرکەوتوو لە ئەنجامی بەجۆنــی کردنی دانەوێڵە، ناوەکەی لەوە هاتووە کە لە کارەکەیدا هاتووەو کە شــت و دانەوێڵە دەجوێــت و وردی دەکات، لە دوو پارچــە پێکدێ و جۆنی لە ژێرەوە و کە بەردێکی گەورەیە و لە بەردە چیا دروست دەکرێ وناوەڕاستی کون دەکرێ و یان بۆشایی لە شێوەی چاڵێك وایە، بەشی دووەمیش بەردێکی لووس و درێژە دەگاتە (٣٠-٤٠) ســەنتیمەتر و پێیدەگوترێ دەسکەجۆنی یان بەردە جۆنی، جۆنی بۆ ساوار و گەنمەکوتا بەکاردەهێنرێ، گەنم دەخرێتە ناو جۆنی و تەڕ دەکرێ و دواتریش بە بەردەکە لێدەدرێ و دەبێتــە گەنمەکوتا، هەروەها بۆ ســاواریش ئەم کارە دەکرێ ئەویش لە ڕێگەی لێکردنەوەی پەلکی دەنکی ساوار، جۆنی لە شێوەی ئاوەن وایە، هەروەها کونجی دەخرێتە ناوی و ورد دەکرێ و دواتریش دەکرێ بە حەڵوا و شتی دیکە. جۆنی نزیکەی کەمتر لە مەترێك و شــێوەی بازنەیی هەیە، هەندێك جۆنی لەناو شاخ دروست کراوە و جێگەی جێگیرە، هەندێکی دیکەش بە غلۆرکە دەگوازرێتەوە، یان کاتێك لە ماڵێك دابنرێ و هەرکەســێك ئیشی بە جۆنی هەبێ، دەکرێ بچێتە ئەو ماڵەی جۆنیان هەیە.



## وێنەکێشان بە چاو!

ئەوانەی کاری وێنەکێشان دەکەن، زیاتــر گرنگیی بە دەســتەکانیان دەدەن و کە هەر پەنجەکانیانە دەبێتە ســەرچاوەی داهێنان و تازەگەری لە بواری وێنە کێشــان و بەرهەمی تــازەدا، گەنجێکــی ئەرجەنتینی بەناوی (لینادرۆ گراناتۆ)ی (٢٧) ساڵ، دوای ئەوەی چەندین وێنەی دروســت کردووە بــە بۆیە لێدان بە چاوەکانی، ئەمــەش بەهرەیەکە لە ژیانی ئەو کەسەدا، هەروەها دەتوانێ ئــاو لە لووتی بکات و دواتریش لە چاوەکانــی دەری بهێنێ و وێنەیان پێ لەســەر دەکات، بەمەش دەبێتە یەکێك لە ســەیرترین حاڵەتەکانی وێنەکێشــان بە چــاو، کە ئەمەش بەهرەیەکی تازەیــە و ڕەنگە کەس نەتوانێ ئــەو کارە بکات، بەمەش دەبێتە یەکێك لەبەرهەمە سەیرەکانی دروست کراو بە فڵچەی چاو کە بۆ وێنەکێشان کاری بۆ کراوە.

## گرانبەهاترین ئۆتۆمبێل لە جیهاندا



## یاری بازدان لەسەر منداڵان





# سەیرترین نینۆک!

شێوازەکانی دەرخستن و بەدەست هێنانی نازناو چەندین ڕێگە و هەنگاوی هەیە و هەر یەکە بەپێی بیرۆکەی خۆی کار دەکات و بیرۆکەکەی دەکاتە هەنگاوێکی پراکتیکی، بەڵام لەسەر شێوازە سەیرەکاندا کاری خۆیان بە ئەنجام دەگەیەنن و بەرەو نازناوێکی گەورە دەگەڕێن و دەستیان دەکەوێ، یەکێك لەو حاڵەتە سەیرانە ئەوەیە کە لە وڵاتی چین کچ و کوڕێك خەریکی پەرەپێدانن بۆ ئامادەکاری نینۆکێکی سەیر و جوان تا ببێتە یەکێك لە خاوەن جوانترین و سەیرترین نینۆك لەسەر ئاستی جیهان، نینۆکەکان بە چەندین شێوە ئامادەدەکرێن، لەوانە شێوەی ئاژەڵان و وێنەی ناوداران و لەسەر شێوەی دار و گژ و گیا، کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو جۆرە نینۆکە ببێتە مۆدەیەکی باو و لە بازاڕەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە.





ڕۆژانە گوێبیستی فرۆشتی گرانبەهاترین کەرەستە و شتومەك دەبین، تەنانەت هەندێ جار نرخی ئەو کاڵایانە ناچێتە ئەقڵەوە لەوەی نرخێکی زۆری پێدراوە، ئەوەی زیاتر چاوی لەسەرە بریتییە لە نرخی ئوتۆمبێلە گرانبەهاکانی جیهان، بەڵام ودایارە ئەم جارەیان پشکی شێر بەر فیراری کۆن دەکەوێ، ئەو ئۆتۆمبێلە لە ساڵی (١٩٦٣) دروستکراوە و لە ئێستادا ماوەتەوە و کاری تازەگەری لەسەر کراوە، دوای ئەوەی داواکارییەکی زۆری لەسەر بوو، کە بە نرخی (٥٣) ملیۆن دۆلار فرۆشراوە وبەمەش دەبێتە گرانبەهاترین ئوتۆمبێل لە جیهان.


یەکێك لە یارییە سەیر و ترسناکەکانی جیهان، کە ئەوانەی لە کاتی ئەو یارییە ئامادە دەبن و هەردەم دەستیان لەسەر دڵیان دەبێ، بەتایبەت ئەوانەی کەسوکاری ئەو منداڵانەن کە لە یارییەکدا بەشداریان کردووە، ئەو جۆرە بازدانەیە، لەوەتەی ساڵی (١٦٢٠) ەوە لە شاری (بۆرگوس)ی وڵاتی ئیسپانیا، نەریتێکی سەیر هەیە کە بۆتە جێگەی سەرسوڕمان، بەم شێوەیەیە کەسێك بەسەر ئەو کۆمەڵە منداڵە دەکەوێ و وەك ئەوەی کەسێکی پاك و دوور لە کاری شەیتان بێ، بۆیە لەسەر ئەو منداڵانە بازدەدات و بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەزیەت بدات، ئەم کارەش هەموو ساڵێ جارێك ئەنجام دەدرێ و دەبێتە یەکێکە لە خۆشترین یارییەکان کە منداڵانی نێوان (١ ساڵە تاوەکو ٥) ساڵان دەخرێنە ناو ئەو یاریەوە.



## گەورەترین و درێژترین شاخی مانگا

گیانداران هەر یەکە قەبارە و شێوەیەکی تایبەت و ستانداریان هەیە، تەنانـــەت لەبەر چاوی مرۆڤ بـــە وێنەیەکی هزری شـــێوەیان دیاریکراوە، وەك ئەوەی مشـــك بچووك بێ و فیل گەورە بێ، بەڵام هەندێك جار شـــێوەی گیانداران لە شـــێوەی سرووشتی خۆیان دەردەچن و دەبن بە حاڵەتێکی نامۆ، یەکێك لەو حاڵەتانە ئەو (مانگا) زل و گەورەیەیە، کە لە کێڵگەیەکی وڵاتی ئێرلەندا بەخێوکراوە و گەورە بووە، سەیریی ئەو مانگایە لـــەوە دایە کە بە شـــێوە و قەبارە دوو ئەوەنـــدەی مانگایەکی سرووشـــتی دەبێ، لەلای خۆمان مانگای سرووشتی کێشی دەگاتـــە نێوان (١٠٠ تا ١٥٠) کیلۆگرام، بەڵام کێشـــی ئەو مانگایە دەگاتە (٢٥٠) کیلۆ گرام و درێژی شاخەکانی دەگاتە نزیکـــەی مەترێك، بەمەش بە گەورەتریـــن مانگا دادەنرێ و شاخی درێژترین شاخە لەسەر ئاستی جیهان.

## وتەی ئاوداران



**- پاولۆ کۆیلۆ، دەربارەی هەڵە لە ژیاندا دەڵێ:**

هیچ شتێك لە دنیادا بە تەواوی هەڵە نییە، تەنانەت کاتـژمـێرێکی وەستاویش لە شەو و ڕۆژێکدا دوو جار ڕاستە.

## زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سێو) بوو**




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ شێوەی بازنەیی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (هەنار بە عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٦+٢+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕەق)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاژەڵێکی خۆماڵییە و خووریی هەیە)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەپێکەنین و خۆشی پێشوازی لەم مانگە دەکـەیـت، هـەست بە ئارامـی و خۆشەویستی دەکـەی، بەڵام پێویستە دووربکەویتەوە لەگرفتی دڵپیسی، ئەگینا خۆشییەکەت زۆر ناخایەنێت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هیچ زەحمەتییەکت نییە لەبواری ئابوورییەوە، بەشێوەیەکی کتوپڕ بیرت بۆ ئەوە دەبات کە بەرەو گەشەسەندنێکی فکری بـڕۆیت، کەمێکیش هەست بە ماندووبوون دەکەیت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئـــەم مـــاوەیـــە گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی تۆدا دەبن، ماوەیەکی بەسوودو بەبەرهەم دەبێت، دوورکەوە لە دڵەڕاوکێی خۆشەویستی، هەواڵێکی خۆشت لەناکاو پێدەگات.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پــەیــوەنــدیــیــە خۆ شە و یستییە کە ت پێویستی بە سۆزو سەپەرشتی کردن هەیە، لێمەگەڕێ دۆستەکەت ئەوەندە لەچاوەڕوانی تۆدا بێت و لەبیرت نەکات، لەوانەیە ئارامی خۆی لەدەست بدات.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لـەوانـەیە ڕووبـەڕووی ئــەزمــوونــێــکــی خۆشەویستیی نوێ ببیتەوە کە دەبێتە هـۆی سەرهەڵدانی گرفت لەگەڵ خۆشەویستی ئێستاتدا، هەروەها خەریکی پـلان دانانیت بـۆئـەوەی گەشتێك بکەیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

تا ئێستا گرفتی ورووژاندن وسەرنج ڕاکێشان لەبیرتایە و بەشێکی زۆری هۆشی داگـیـرکـردووی، وەك ئـەوەی بڕوات بەخۆت نەبێت و بتەوێت هەموو کاتێك جوانیت بسەلمێنیت.


## وتـــە

**- کەس لە ئێمـــە جلوبەرگی پێش (١٠) ســاڵ ناپۆشێت، بەڵام بە ئەقڵی زیاتر لە (١٠) ساڵ بیر دەکەینـــەوە و نکۆڵیش لە گۆڕانی بیرکردنەوەمان دەکەین و داکۆکیشی لێدەکەین!**

## ماناى خەون

### پرد

لەخەودا ڕێگەی ڕاســـت و ڕۆشـــنە، یان زانســـت و نوێـــژ و ڕۆژووە، پرد لەخەودا ئەو کردەوانەیە کەمرۆڤ بەرەو ڕێگەی ڕاســـت دەبات ولە ئازاری کاروباری دنیا ڕزگاری دەکات، بەمانای پاسەوان و دەرگا وان و دایك و کوڕ و هاوسەر و پارەش دێت، پردی دروستکراو لەبەرد کەسێکی دەســـەڵاتدارە، ئەگەر پردەکە زۆر بچووك بێت پاسەوان و دەرگاوانە، ئەگەر پردێکی دروستکراو لەبەرد لەخەودا بگۆڕدرێ و ببێتە پردێکی دروستکراو لە قوڕ و خۆڵ ئەو کەســـەی خەوەکەی بینیـــوە باری ژیانی تێك دەچێت، ئەگەر بەپێچەوانەوە پردێکی دروســـتکراو لەقوڕ، لەخەودا ببێتە پردێکی دروســـتکراو لەبەرد یان چیمەنتۆ ئاســـن باری ژیانی زۆر بـــاش دەبێت، ئەو کەســـەی لەخەودا ببێتە پرد پایەبەرز و شکۆمەند دەبێت و خەڵکی پێویستی پێی دەبێت.




## وێنە و بیر کردنەوە

- لـــەم وێنەیەدا کۆمەڵێك کـــوڕ و کچ، هەندێکیان بەپێ وەســـتاون و هەندێکی دیکەیان درێژبوونە، هەوڵبدە بزانی کامەیان وەستاوە و کامەیان درێژ بوون !

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی شۆڕشێکی کوردت بۆ دەردەچێت :

ل ل و ی ئ ە

وەڵامی ژمارەی پێشوو: گەنمەکوتا




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هـــەنـــدێ کـــەس لـۆمـەت دەکـەن کە هـۆش و ژیـریـیـەکـی زۆرت هـەیە بـەڵام ئازایەتییەکی کـەم، هەوڵبدە پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنیت، لەوانەیە کەمێك بێ ئومێد بیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هـــەرچـــەنـــدە مێشکت بـــەزۆر شـــت جەنجاڵە لـەگـەڵ ئـەوەش بـە بەشی خـۆت رازیـــت، بـەلام ئـەمـەش ئەوە ناگەیەنێت کـە هیچ ترسێکت لە پاشەڕۆژت نییە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هـــیـــچ ئامۆژگارییەك فـــەرامـــۆش مـەکـە کەهاوڕێکەت یان دۆستەکەت پێشکەشت دەکـات، تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت، پەیوەندییە سۆزداریەکەت سەر لەنوێ دەبووژێتەوە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ویـست و ئارەزووەکانت ئاسانکاریت بۆ دەکەن و دەرگای زۆرت بۆ دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانت و لەبواری سـۆزداریـەوە ئەوەندە دڵڕەق مەبە با دڵت نەبێتە بەرد.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەم ماوەیە بەهیچ شێوەیەك دوا نـەکـەوی لـــەوەی کە جـوانـیـیـەکـەت بەدەربخەی بەتایبەتی بۆئەو کەسەی کە دەمێکە سەرنجتی راکێشاوە، ئاگاداربە زیاد لەپێویست سۆز کارت تێ نەکات.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لە کاروبارەکانت بەرەو پـێـش دەچـیـت بـەڵام کەمێك ماندوو بوون بەسیماتەوە دیار دەبـێـت، هـــەوڵ دەدەیـــت گرفتێکی خۆشـەویـسـتـی یـاخـود گرفتێکی هاوڕێکەت چارەسەر بکەیت.



## نوکتە

- جارێـــك پیاوێك بـــە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشـــت و لەناکاو پێی لەسەر پەلکە مۆزێـــك خلیســـکا، هەڵســـاوە و دواتر ڕۆیشـــتەوەو دیســـان پەلکـــە مۆزێکی دیکـــەی بینی و گوتـــی : توخوا وەرە تاقەتت هەبێ دیسان بکەویەوە !

- ژن و مێردێك قسەیان نەبوو هەر بە نامە قسەیان دەکرد، ژنەکە بۆی دەنووسی بچینەوە ماڵی باوکـــم، پیاوەکەش دەڵێ ناتوانم ئەمڕۆ، ژنەکـــەش بە گەورەیی دەنووســـی: هەر دەبـــێ ئەمڕۆ بچین.. پیاوەکەش دەڵێ: باشە هاوار مەکە !